22:07 27-9-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## توندوتیژی رژێمی ئاخوندی، دژی گەلانی ئێران و داهاتووی ناڕوونی ئێران: ... گەلاوێژ موحەمەدی

کاتێ باسی ئەو رژیمە ئەکەین، ئەبینین زۆر بەئاشکرا وبێشەرمانە لە جەنایەتەکانی خۆی بەرانبەر بە گەلی کورد هیچ دەستی نەپاراستووە. ئەگەر باس لە سەر هەمووکارە نامرۆڤایەتیەکانی ئەورژێمە بکەین، بەسەدان رۆمان و چیرۆک هەڵیناگرێت! بەڵام ئیشارەیەکی زۆر بچوک ئەکەین بەکردەوەکانی ئەورژێمە کە دژ بە ئازادی و مافخوازیەکانی گەلی کورد، ئەنجامی داوە.



لە ئەوەڵین رۆژەکانی هاتنە سەر کاری، ئەو رژێمە سەرکوتی خەڵکی بێتاوان و ژێرپێنانی هەموو ئازادیە سیاسی و تاکەکەسی کۆمەڵایەتیەکان لە سەرانسەری ئیران، کپ کردنی هەردەنگێکی ئیعتراز و لەناوبردنی هەر فکرێکی جیاوازی وەک ئەسڵییێ نەگۆڕ لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەکار هێناوە.
لەکوردستان بەتایبەت توندوتیژی، ئیعلامی جیهاد بەدژی نەتەوەی مافخوازی کورد،
بۆمبارانی شارو گوندەکان و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی کوردستان، سەرکووت و ئیعدام و ئەشکەنجەی ئازادیخوازان لەژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ دژی شۆڕش و عامێلانی بێگانە، لەئەوەڵین کردەوەکانی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان بوون.
تیرۆرکردنی رۆشنبیران و شۆڕشگێران و رێبەرانی سیاسی لەدەروەی وەڵات، کە نموونەی هەرەبەرچاویان تیرۆر کردنی دوو رێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هاورێیانیانە لە ناو جەرگەی وڵاتانی ئازادیخواز و دێمۆکرات. واتە لە ئۆتریش و ئاڵمان.
ئیعدامی بەکۆمەڵ و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی کوردستان، زیندان کردن و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و وەدەرنان و دورخستنەوەی بنەماڵەی پێشمەرگەکان لە کوردستانی ئێران، زیندان کردن و ئیعدام کردنی ژنان و لاوان، زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و شکاندنی پێنووس وشکاندنی رۆشنبیران و رۆژنامە نووسان، بەشێکی دیکەن لە جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.
وەهەروەها گەورەترین جەنایەتی ئەو رژێمە ئەوەیە، کەلاوانی خاوەن هەست و کورد پەروەری کوردی لە کوردستانی ئێران، تووشی مادە بێهۆشکەرەکان کردووە و زۆرن ئەو لاوانەی کە بوونەتە قوربانی ئەو سیاسەتەی رژێم.
زوڵم و زۆری دژ بە ژنانی مافخواز و زوڵم لێکراوی کوردستان و ئێران، یەکێکی دیکە لە سیاسەتە دزێوەکانی رژێمە و ئەم نێوەیە لە کۆمەڵ لە ژێر تەوژمی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر ئێران و کوردستاندا، لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن.
سەرەڕا ی ئەمانەش رۆژانە توشی دەیان و سەدان پیلانی جۆراو جۆری رژیم ئەبنەوە.
بە هەڵسەنگاندێکی خێرا لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و ئێران، دەتوانین بەو راستییە بگەین کە ئەو رژێمە نەک هەر دیکتاتۆرانە دەسەڵاتدارەتی دەکات بە سەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا، بگرە بەو سیاسەتە شوومانەی خۆی لە هەموو بوارەکاندا، خەریکە ئێران بەرەو هەڵدێر دەبات و هەواڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و لێکدانەوەکانی رۆژ ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەری سەرهەڵدانی نەهامەتی زیاتر لە ئیراندا، هەستی زیاتری پێدەکرێت.

20. 09. 2007 ی زایینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.